https://doi.org/10.54809/jkss.vi6.173
گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی
Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# دەقئاوێزانی کولتووریی لە چیرۆکی (لە خەوما)ی جەمیل سائیب دا

**سنوور قادر فەرەج**
snur.faraj@univsul.edu.iq

**پ. عەبدولقادر حەمەئەمین محەمەد**
Abdulqader.mohammed@univsul.edu.iq

بەشی کوردی/ کۆلێژی زمان/ زانکۆی سلێمانی

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی شیکاریانەیە بۆ تیشکخستنەسەر پەیوەندی و کاریگەریی دەقئاوێزانی کولتووریی لەناو چیرۆکی «لە خەوما»ی جەمیل سائیب دا. لەم گۆشەیەوە هەوڵدراوە بە پاڵپشتی هەندێک لە تیۆرییەکانی میتۆدی دەقئاوێزان، باسی دەقئاوێزانی کولتووریی و کاریگەرییەکانی گوتاری ئایینی بە گشتیی و قورئانی پیرۆز و دەربڕاوی باو و زیندووی ئایینیی تر کە لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی بخەینەڕوو. ئەمە جگە لەوەی ئاوڕێکی زانستییش لەسەر پێوەندیی دەقئاوێزان و گوتاری ئەفسانە و پەندی پێشینان و وتەی بەنرخ و ڕووداوی ڕووداوە جیاجیاکانی سەردەمی «لە خەوما» تاوتوێکراوە. هەموو ئەمانەش لەپێناوی دەرخستنی تەواوی ڕەگەزەکانی چیرۆک لەو سەردەمەدا و لایەنە فەرهەنگیی و کەلەپوورییەکان کە «لە خەوما»دا بەکارهێنراون، دیارە ئەمەش بە پاڵپشتی کۆزانینێکی دەقئاوێزانییانە، لێکدانەوە و شیکار بۆ دەقەکە کراوە و بەهای پرنسیپەکانی دەقئاوێزانمان پێوەست بە ڕووداو و پرۆسەی گێڕانەوەی چیرۆکییانە و جوانناسییەکانی ناو چیرۆکەکە خراوەتە بەر ڕۆشنایی و لێکدانەوەی ڕەخنەی ئەدەبیی. توێژینەوەکە ئەوەی دەرخستووە کە دەقئاوێزانیی هونەرێکی وردی باڵا نییە تایبەت بێت بە لێهاتوویی و بەرزیی ئەدەبیی لای دەستەبژێرێک، بەڵکو گوفتار و دەربڕینی ڕۆژانەی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردییە لە هەر ئاست و تەمەنێکدا بن. ئەم ئاوێتەبوونەی بیرکردنەوە و ڕەفتار بەهۆی دەقئاوێزانی کلتووریی و ئایینیی خەسڵەتێکی دیاری کەسێتیی ئەو سەردەمە و دواتری ڕۆژگاری نووسینی چیرۆکی «لە خەوما»یە، بەهۆیەوە دەتوانرێت ساغکردنەوەی وتە و گێڕانەوە و سەرگوزەشتە و شیعر و ڕووداوەمێژووییە تۆمارکراوەکان بکات بە پێوانە. بایەخی ئەم تەرزە توێژینەوانە زۆر زیاترن لەوەی تەنها ڕاگوزەرێک بن بەسەر ئەو دەقە ئەدەبییانەی -کورد دەوڵەمەندە لەم کەلەپوورە-جئەو سەردەمانە و پێویستە ئیشی وردی زمانەوانیی و کەلتووریی و فەرهەنگیی تیایاندا بکرێت.

**کلیلە وشەکان: دەقئاوێزان، دەقئاوێزانی کولتووریی، لە خەوما، گێڕانەوەی جیرۆکییانە.**

Recieved: 20/7/2022
Accepted: 28/8/2022



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی:

زاراوەی دەقئاوێـزان « Intertextuality»، زاراوەیەکـی ئەدەبییـە و بـۆ یەکەمجار جولیا کریسـتیڤا بەکارهێناوە و وەك داهێنانـی ئـەو ناوبـراوە، ئـەم داهێنانەشـی پشـت بەسـتبوو بـە پرنسـیپی گفتوگـۆی باختیـن. لـە رەخنـەی عەرەبـی دا بـە زاراوەی (التنـاص) بەکارهێـنراوە . لای کوردیـش، بـۆ یەکەمجـار (عەبدوڵـلا تاهیـر بەرزنجـی) لەسـاڵی (١٩٩٧) دا وشـەی (دەقلێکئـاڵان- دەقئاوێـزان)ی بەکارهێنـاوە و لـە ئێسـتادا زاراوەکانـی دەقئاوێـزان، نێواندەقـی بـۆ ئـەم چەمکـە چەسـپاون و خـودی زاراوەکـەش لـە رەخنـەی نوێـدا، واتـا مەزراندنـی دەقەکانـی داهاتـوو، رێزگرتـن لـە بنەمـای بونیـادی دەقـە رەسـەنەکانی داهاتـوو، یاخـود درووسـتکردن و پێکهێنانـی دەقەکانـە، لـە دەقـی تـرەوە. هـاوکات پێـش ئـەوەی، کـە ئینتەرتێکسـتوالێتی وەکـو میتۆدێکـی لێکۆڵینـەوە پەیدابێـت، گەلێـک شـاعیر و زانـا ئـەم بیرەیـان بەخەیاڵـدا هاتـووە و لێـی دوواون، بـۆ نموونـە (ت.س. ئەلیـوت) لەسـاڵی (١٩١٩) دا کاتێـک دەڵێـت: مانـاو ناوەرۆکـی بەرهەمـی هیـچ شـاعیرێک، یـان کاری هونەریـی هیـچ دانەرێـک، بەتـەواوی هیـی خـۆی نییـە و نرخاندنـی ئـەو لـە پێوەندیی لەگـەڵ شـاعیر و هونەرمەنـدە مردووەکانـدا دیاریدەکرێـت (محەمـەد: ٢٠٠٦، ٩)، بـەڵام لـە راسـتیدا مـەرج نییـە هـەر شـاعیرە مـردووەکان بێـت، بەڵکـو شـاعیرە زینـدوو و هاوچەرخەکانیـش پێکهێنـەری دەقئاوێزانـن. (فردینانـد دوو سوسـێر)یش لـە بـواری زمانەوانیـی دا ئامـاژەی بـەوە کـردووە، کـە وشـە هـەر خـۆی بەتەنیـا نییـە! (تـودۆرۆف: ١٩٨٩، ١٠٣)، ئـەم وتەیـەش بنەمایەکـی لـە زاراوەی دەقئاوێزانـدا هەیـە، کـە دواتـر لای شـێوازگەرە رووسـەکان و بەتایبەتـی لـەلای (شکلۆفسـکیی) دەبینرێـت، کاتێـک دەڵێـت: کاری هونەریـی لـە رێگـەی پێوەنـدی بـەکاری هونـەری تـرەوە دەسـتپێدەکات و بەتایبەتیـی بـەو پێوەندییانـەی لـە نێوانیانـدا دەبەسـترێت. بۆیـە شکلۆفسـکیی بـە یەکەمیـن کـەس دادەنرێـت، کـە ئامـاژەی بـە مانـای دەقئاوێـزان کردبێـت لەنێـو رووسـەکان دا. (العزامـی: ١٩٨٥، ٣٢١).

چیرۆکـی (لـە خەومـا) بـە یەکەمیـن بەرهەمـی کوردیـی دادەنرێـت، کـە دژی سـەرکردەیەکی کـورد و دەسـەڵاتێکی کوردیـی نووسرابێـت. هـاوکات لەگـەڵ دەسـتپێکی چیرۆکەکەشـدا، سـەرەتای تێڕوانینـی تـاک لایەنانـە و سرووشـتی تاکڕەوییانـەی گێـڕەرەوە هـەم لەچیرۆکەکـەدا و دواجـار لـە ئەدەبـی کوردییشـدا دەسـتپێدەکات. بەمـەش مۆرکـی سرووشـتیی تاکەکەس، وردە وردە دەچێتە سـەر بیر و بۆچون و راسـتییەکانی نـاو ئەدەبـی کوردیـی و، سـەرەنجام ئـەم هەنـگاوەش وەک ژانرێکـی گرنـگ، بـۆوە بـە وەرچەرخـان لـە ئەدەبـی کوردیـی دا، هـەروەک ئـەم دیـدە تازەکارییانـەی سـائیب، هەتـا ئەمـڕۆش وەک لاسـاییکردنەوەی واقیـع و ئاراسـتەی ئەقـڵ و خـۆ گونجانـدن و تەبایـی بـاوە.

چیرۆکەکـە، بـاس لـە ململانێیەکـی تونـد دەکات، لـە نێـوان تاکـی کـورد و دەسـەڵاتێکی عەشـیرەتگەریی کوردیـی دا. زۆرانبازییەکـی تراژیدییـە لەنێـوان ئـەو دەسـەڵاتە و پیاوێکـی بەلەنـگازدا، کـە هیـوای بەوەیـە لەسـایەی ئـەو حکومەتـە کوردییـەدا، کارێـک بـۆ خـۆی پەیـدا بـکات، هەتـا بتوانێـت مـاڵ و منداڵەکانـی پـێ بەخێـو بـکات. کەچیـی بـێ ئـەوەی هییـچ گوناهێکـی کردبێـت، هەمـوو ئومێـد و ئارەزووەکانـی خـۆی هەتـا هەتایـە لەنـاو زیندانێکـدا دەدۆزێتـەوە.

توێژینەوەکـە لـە دوو بـەش پێکهاتـووە، لـە بەشـی یەکـەم دا، کـە بەشـێکی تیۆرییـە بـاس لـە چەمـک و پێناسـەی دەقئاوێـزان کـردووە، لەگـەڵ دەقئاوێزانـی کولتووریـی و دەقئاوێـزان لەقورئـان و گوتاریـی ئایینیـی

دا. هەرچــی بەشــی دووەمیشــە، پراکتیکییــە و تیایــدا تیشــک خراوەتــە ســەر دەقئاوێزانــی ئەفســانەیی، دەقئاوێزانــی پەنــدی پێشــینان و وتــەی بەنــرخ.

## بەشی یەکەم:

### -چەمک و پێناسەی دەقئاوێزان

دەســتەواژەکە لــە رەخنــەی نوێــی ئەدەبیــی دا، بــە مانــای کارلێکردنــی نێــوان دەقــەکان دێــت، یــان درووســتبوونی دەقێکــە لەســەر خــودی دەقــی ســەرەتا و بنەمــای دەقــی پێشــوو. (تــۆدۆرۆف: ١٩٨٩، ٩٨) خــودی زاراوەکــە لــە چەرخــی نوێــدا ســەریهەڵداوە، لەزمانــی ئینگلیزییشــدا (Intertext uality)و لــە زمانــی فەرەنســاییدا (Intertext)ی بــۆ دانــراوە. (الزغبــي، ١٩٩٥، ١١). زاراوەکــە نوێیــە و یاخییــە لــە فەرهەنگــی کــۆن، بەتایبــەت ئــەو زاراوانــەی کۆنــن و چەمکەکانیــان پێکهێنــاوە.
خــودی مێــژووی چەمکــی دەقئاوێزان بــۆ لێکۆڵینەوەی بــەراوردکارەکان (ئەدەبــی بەراوردکاریــی) دەگەڕێتەوە، لەوانەشــە زۆر پێــش ئــەو بوبێــت. بــەراوردکارەکان، ئــەم چەمکەیــان وەکــو ئامرازێکــی شــیکاریی لەژێــر نــاوی پێوەندیــی (کاریگەریــی و کارتێکەریــی) بەکارهێنــاوە. بایەخدانــی ئــەوان تایبــەت بــوو بــە لێکۆڵینــەوەی بابەتــە هاوبەشــەکانی نێــوان دەقــی لێتێگەیشــتنیان. (وهبة، ١٩٧٤، ٥٦٦).
لەســادەترین پێناســەشــدا، دەقئاوێــزان (دەقێکــی ئەدەبیــی چەنــد دەقــی پێــش خــۆی لەشــێوەی وەرگرتــن و تێهەڵکێشــکردن و ئامــاژە لــە خۆدەگرێــت)، ئەمانــەش لەگــەڵ باکگراونــدی دانــەر و دەقــە رەســەنەکەیدا تێکەڵدەبــن و پێکــەوە دەقێکــی تــازە بەرهەمدێنــن، (الزغبــي. ١٩٩٥، ٩). بــە واتایەکــی تــر، دەقئاوێــزان بــاس لــە پێوەندییــەک دەکات کــە لەنێــوان دوو دەق یــان چەنــد دەقێکــی تــردا هەیــە.
ئــەم پەیوەندییــەش کاریگەرییەکــی زۆری هەیــە لەســەر چۆنێتیــی تێگەیشــتن لەدەقــە نوێیەکــە. چونکــە گرنگتریــن هــۆکار لەپرۆســەی دەقئاوێزانــدا هەمــان ئــەو پێوەندییەیــە، کــە لەنێــوان دوو دەقــدا هەیــە، بوونــی ئــەم پێوەندییانــە دەبێــت بــە هــۆی ماناداربوونــی دەقێــک و دەقێکــی نــوێ لەدەقــە کۆنــەکان لەدایــک دەبێــت. (کریســتیڤا) لــەم بارەیــەوە پێیوایــە هەمــوو دەقێــک پێوەنــدی لێکچــوون و (وەک یــەک)ی لەگــەڵ دەقــی تــردا هەیــە و، یــان رەنگدانەوەیــان لەنێوانــدا هەیــە، واتــا کۆکردنــەوەی دوو وتــەی جیــاواز، یەکێکیــان دەبێتــە رەنگدانــەوەی ئەویــتر و وەکــو ئاوێنەیــەک دەبێــت بــۆی. بەمــەش دەکرێــت دەقــی نــوێ ببێــت بــە ئاوێنەیــەک، ســیمای دەقــە کۆنەکانــی تێــدا ببینــرێ. (کریســتیڤا، ١٩٩٧، ٤٤).

### دەقئاوێزانی کولتووریی

دەقئاوێزانــی کولتــووری بریتییــە لــەوەی، کــە نووســەر دەق و دیمەنــە جیــاوازە کولتوورییــەکان بــە جۆرێــك لــە جــۆرەکان لــە دەقەکەیــدا بەکاردەهێنێــت و جیــان دەکاتــەوە، ئەمــەش بەهــۆی ئــەوەی داب و نەریتــەکان و پرەنســیپەکان لــە نەســتەوە ســەرچاوە دەگــرن، بۆیــە بــە بەشــێکی گرنگــی دەقــی هاوچــەرخ دادەنرێــت. (حلبــي: ٢٠٠٧، ١٢٢). کولتــوور مەودایەکــی بەرفراوانــە، یەکێــك لــە بەشــەکانی فۆلکلــۆرە، ئەلیــوت لــە بــارەی فۆلکلــۆرە دەڵێــت: (تێگەیشــتن لــە فۆلکلــۆر، پێویســتی بــە هۆشــی مێژوویــی هەیــە، کــە ناتوانرێــت لابدرێــت بــۆ ئــەو کــەس و کارەکتــەرەش، کــە دەیەوێــت بمێنێتــەوە تــا دوای چەنــد ســاڵێکیش، چونکــە گرەنتــی زانییــن

و مانـەوە و هەسـتپێکردنی دەکات، نـەك رابـردوو بـە تەنیـا، بەڵکـو بـۆ ئێسـتا و داهاتـووش. (البـادی: ۲۰۰۹، ٥١-٥٢).

واتـا، لەگـەڵ خسـتنەڕووی کارەکتـەر و رووداوەکانـدا، جۆرێـك لـە تایبەتمەندیـی کەسـێتی رووداوەکان پیشـاندەدرێت. تەنانـەت گـەر کـۆی رووداو و کارەکتەرەکانیـش روانگەیەکـی فەنتازییـان هەبێـت، کـەم تـا زۆر پێویسـتە روویەکـی ئـەو واقیعـە لـە بەرچاوبگرێـت، بـۆ ئـەوەی خوێنـەر ئاسـتی تێگەیشـتنی لـە بەرامبـەر ریالیزمـی جادووییانـە هەبێـت و بابەتـەکان نەکەونـە دەرەوەی کێشـە و گرفتەکانـی کۆمـەڵ. (باییـز: ۲۰۱۳، ۳۲٥).

دەقئاوێزانـی کولتووریـی، هەمـوو ئەوشـتانە لەخۆدەگرێـت، کـە فۆرمێکـی تایبـەت بەژیانـی کۆمەڵایەتیـی و مرۆیـی دەبەخشـێت و پەیوەندییـەکان و میکانیزمـە دەروونییەکانـی رێکدەخـات. کەواتـە، ئـەدەب بەهەمـوو ژانرەکانییـەوە، بـە فەلسـەفە و زانسـت و دینیشـەوە هـەر ئەوەنـدە توخمـی کولتووریـن، کـە شـێوەی هەڵسـوکەوت و نانخـواردن و جـۆری خواردنـەکان، بـە توخمـی کولتـوور هەژمـار دەکرێـن. واتـا هـەر کولتوورێـک، فۆرمێکـە لەژیانـی کۆمەڵایەتیـی و شـێوەی بیرکردنـەوە و دەربڕینـی ئەندێشـەکان، هـەروەک لـە چیرۆکـی لـە خەومـادا، گێـڕەرەوە، ژیانـی کۆمەڵایەتیـی و کەلتـوور و ئـارای ئەو سـەردەمە و هەڵسـوکەتی دەسـەڵات و کردەوەکانـی لێپـرسراوان و داب و نەریتـی تایبەتـی ژیانیـان، دەقئاوێـز دەکات.

بابەتەکانـی کەلەپووریـش، وەك بەشـێکی گرنـگ لـە کەلتووریـی جیهانیـی، بـووە بـە جێـی بایەخـی لێکۆڵەرانـی بـواری گێڕانـەوە لـە جیهانـدا، وەك: ڤلادمیـر پـرۆپ، باختیـن، رۆلان بـارت، جیـرار جنێـت و چەندیـن نووسـەری دیـاری عەرەبیـش، وەك: د. حسـێن خەمـدی، سـەعید یەقتیـن، محەمـەد ڕیـاز و.... هتـد، هەریەکەیـان بایەخـدان و سـەرنجیان هەبـووە لە بارەی داسـتان و ئەفسـانە و حیکایەت و نووسینەکانیشـیان، ڕۆڵێکـی گرنگیـان بینیـوە بـۆ ئـەوەی لـە دەقئاوێزانـی کولتووریـدا، باسـی چۆنییەتـی دروسـتبوونی پەیوەنـدی نێـوان رۆمـان و چیـرۆك و شـیعرو تـەواوی بابەتـە جیاوازەکانـی تـردا بکرێـت.

## دەقئاوێزان لەقورئان و گوتاریی ئایینیی دا

دەقئاوێزانـی ئایینیـی بریتییـە لـەوەی نووسـەر دەقێکـی ئایینیـی: فەرمـوودە، قورئـان، ئینجیـل، تـەورات... یـان هـەر شـتێك کـە لەچوارچێـوەی ئاییـندا جێگـەی بێتـەوە، بـە مەبەسـتی بەهێزکـردن یـان جوانکـردن و رازاندنـەوەی دەقەکـەی دەهێنێتـەوە. یاخـود زۆرجـار کارەکتـەری نـاو گێڕانەوەکـە لەناخـەوە پێویسـتی بەهـاوکاری یـەزدان هەیـە، وەك پشـتگیرییەکی مەعنـەوی بـۆ سـەرکەوتنی لەکارەکانیـدا، بۆیـە بـە دەربڕینـی ئایینیـی گوزارشـتی لێـدەکات.

ئاییـن چ لـە ئێسـتا و رابردووشـدا، رۆڵـی گرنـگ و دیـاری هەیـە لـە بونیـادی کۆمەڵگادا و بەشـێکی وابەسـتە و دانەبـڕاوی کولتووریـی کۆمەڵگایـە، رووبەڕووبونـەوەی لەگـەڵ بـاوەڕە جۆربەجۆرەکانـدا هەیـە و هەمیشـە بـە پەیوەندیـی و پێوەسـتبوونی یاخـود بەرهەڵسـتی بووبێـت لـە چوارچێـوە و بازنـە ئەدەبییـەکان و گوتـارە جۆراوجۆرەکانـی خـۆی بەرجەسـتەکردووە.

لـە چیرۆکـی (لـە خەومـا)دا، گوتـاری ئایینیـی رۆڵـی گرنگـی هەیـە، جەمیـل سـائیبی نووسـەر زۆر جـوان ئـەو دەق و تێکسـتە ئایینییـەی خسـتۆتە بـەردەم خوێنـەر و تیایـدا دەقـە ئایینیـی و بـاوەڕە ئایینییـەکان

دەرکەوتوون. خودی دەقئاوێزان بەتەنها لەناو دەقە پیرۆزەکانی ئایینی ئیسلام بەرجەستە نەبووە. بەڵکو تایبەتمەندیی دەقئاوێزانی ئایینیی و گوتاری ئایینیی لای جەمیل سائیب، لەو چیرۆکەدا بەرجەستە بووە. نەتەوەی کورد، هەڵقوڵاوی ئەو ئایینەیە (ئایینی ئیسلام)، کە تا ئێستاش کاریگەریی بەسەر تەواوی ئایینەکانی تری وەکو ئێزدی، یارسان و ڕێورەسمە ئایینیی و ئایینزاکانی کورد و هتد.. ماوە. هەروەکو چۆن مهابات ئازاد دەڵێت: (ڕۆشنبیر، لە دەقی سەرەتایی یاخود دەرکەوتنی توانای ڕۆشنبیربوون لەخۆیدا پشت بە وزە ناوەکییەکانی خۆی دەبەستێت، ئەو وزەیەش بە حاڵەتێکی ئایینیی میلیی پشتبەستە و وەکو ئەفسانەیەك لەناوەوەیدا بوونی هەیە، واتە مەسەلەی مردن و ژیان و خودا و شەیتان و زیندووبونەوە و باوەڕبوون بەپیاوچاك و شوێنی پیرۆز و هەندێك چیرۆکی تری ئایینیی، لە قاڵبە میللییەکەیدا، کە سەرچاوەی بەراوردکردنییەتی، تێکەڵی کۆمەڵێك خەیاڵ و فەنتازیای تری دەکات و، دنیای تایبەتی ناوەکیی ئەو دیاریدەکات)، (محمد: ٢٠١٠، ٣١٢-٣١٤).

ئایین و میراتی ئایینیی، سەرچاوەیەکی گرنگن لەو سەرچاوانەی، کە شاعیرانی هاوچەرخ و نوێ لەتاقیکردنەوە شیعرییەکانیاندا سوودیان لێبینیوە، لەڕووی پێبەخشینی سیفەتی بەردەوامی و مانەوە و بەدەستهێنانی هێز و کاریگەریی، ئەمەش بەهۆی ئەو ئامادەییە بەهێزەی ئایینەوەیە کە لەلای کۆی خەڵکیی هەیە. سەرباری ئەوەی ئایین لەبەر دەوڵەمەندی لەڕووی مەعریفە و دەستوور و ئادابیی و شەریعەتەوە، هەروەها لەڕووی پێکهاتەی دەقەوە نموونەی ئەدەبیی باش بە شاعیران دەبەخشێت، کە لەوانەیە لە سەرچاوەکانی ترەوە دەستیان نەکەوێت.

شوێنی جوگرافیایی، ڕۆڵی گرنگی هەیە لەسەر دیاریکردنی سنووری ئایینیی لەلای تاك، واتە بەپێی شوێنی جوگرافیایی و ژینگە لەژێر کاریگەری ئایینێکدایە، واتە باوەڕداریی یاخود بێباوەڕیی لەژێر کاریگەریی ئاینێکدایە، بەشێوەی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ لە ئاگاییەوە یان نائاگاییەوە بێت. هەروەکو چۆن وێنەی شیعری لەقورئان یان کتێبە پیرۆزەکانی تردا، جۆگەیەکی گرنگی وێنەی شیعرییە لە جۆگەلەکانی شیعری نوێ، سرووش و خواستن دەبەخشن، بۆ گەیشتن بەدانانی شیعرێکی ڕەوان، بەهرە و ئیلهامی لێوەردەگرن. (وەحیدی: ٢٠٠٦، ١٦). مەرجیش نییە هەمووکات نووسەر باوەڕێکی بەهێزی هەبێت، بەو هۆکارەی، کە وەکو پەیوەستبوون پەنا بباتە بەر ئایین.

بەرجەستەکردنی ئایین لەشیعردا، وەکو ڕۆمان یاخود چیرۆك نییە، بەڵکو جودا و جیاوازە لەوەی نووسەر خودی خۆی سۆفی یان سەلەفی بێت، نووسەری مۆدێرنە و هاوچەرخ، لە بەکارهێنانی سیمبوولی ئاییندا بە ئەقڵییەتی ئایینەوە بیرناکاتەوە. بەڵکو بەپێی بیروباوەڕ و تێڕوانینەکانی بیردەکاتەوە و مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. هەر نەتەوەیەك بەپێی تایبەتمەندی خۆی پەیڕەوکەری ئاینێکە و زۆرجار لە ئایینێك زیاتریشی تێدایە. لەناو کوردیشدا گەلێك ئایین هەن، وەك: زەردەشتی، کاکەیی، مەسیحی، ئێزیدی، جولەکە، ئیسلام بە هەردوو ئاینزای سوننەو شیعەوە. جگە لە ڕێبازە سۆفیگەرییەکانی وەك: قادری و نەقشبەندی و نووربەخشی کە لەناو کورددا، شوێنکەوتووی زۆریان هەن.

لەچیرۆکی (لە خەوما)ی جەمیل سائیب، چەند دەقێکی ئایینیی بەرچاو دەکەوێت، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ، هاتوونەتە ناو چیرۆکەکەوە. واتە ئەم جۆرە لە کەلتوور تێکەڵاوبوون و بە یەکداچوونی خودی تێکست و ڕووداوی ناو چیرۆکەکەیە لەگەڵ ڕۆشنبیری ئایینیی و قورئانی پیرۆز

بەتایبەتیی، چونکە ڕێژەکەی زۆر زیاترە لەتەواوی کتێبە ئایینییە ئاسمانییەکانی تر، ئەمەش کارگەلێکی ئاساییە بۆ جەمیل سائیب. لە چیرۆکەکەدا، کارەکتەرەکە لەچەند جێگەیەکدا (العیاذباللە) بەکاردێنێت، بە مانای خودا پەنام بدات، کە دەربڕینێکی بڕوادارانە:

((گەردەلولێکە (العیاذباللە) منیش ئاو لە تەپڵی سەرمەوە دێتە خوارەوە، لەبەری پێمەوە ئەچۆڕێتەوە، لەرزە لەرزی بەدەنم، قرچ و هۆری ددان ئەهات))، (سائیب: ١٩٧٥، ٣١).

لێرەدا، تا ڕادەیەك بێ مەبەست وەکو وشەی بەکارهێنراوی ڕۆژانەی لەسەر زار، نووسەر بۆ نیشاندانی کەسێتیەکەی بەکاریهێناوە، ڕاستەوخۆ نووسەر دەمانباتەوە سەر ئەوەی نزیکایەتیی ئایینیی هەیە و بەدەسەڵاتی خودای گەورە باوەڕدارە. ئەو سەردەمەش، هەڵقوڵاوی ئەو نەفرەت و لۆمەیەیە کە (نووسەر) چیرۆکنووس دژی دەسەڵاتی زۆرداریی و ستەمکاریی ئەوکاتە وەستاوەتەوە.

یاخود لەلایەکی ترەوە، دەستەواژەی (عباداللە)ی بەکارهێناوە، بۆ خودی ئەو کەسەی کارەکتەری سەرەکیی چیرۆکەکە: ((هیچ لەوە ناترسن، کە لێیان بپرسن، ئایا ئێوە بەچ هەقو سەلاحییەتێك وا لەم عباداللەیە دەکەن..)). (سائیب: ١٩٧٥، ٤٥).

ئاشکرایە چیرۆکنووس، لە کۆمەڵگەیەکی ئیسلامیی دا گەورە بووە، کە بەپیرۆزییەکانی پەروەردە کراوە، بۆیە لێرە و لەوێ ئەو دەستەواژانە لە لایەن کارەکتەری سەرەکییەوە بەکاردێن کە خەڵکانی ئاسایی شوێنکەوتەی ئایینەکە بەکاری دەهێنن، چونکە ئەمانە زۆر ئاسایی و ڕۆژانە لەسەر زارن و بووە بەکەلتووری کورد. واتە کۆمەڵێك ئاماژە و بەکارهێنانی دەستەواژەی ئایینیی و ناوبردنی ڕەمزیی ئایینیی بەشێکن لەو دەقئاوێزانەی، کە بەدەقئاوێزانی ئایینی ناودەبرێت. وەکو باسمان لێوەکرد لە قورئانی پیرۆزدا باسکراوە، بۆ نموونە بەدبەختی و چارەڕەشیی چیرۆکنووس لەگێڕانەوەی ئەو ڕووداوەی بەسەریدا هاتووە، هەمان ئەو چارەنووس و بەختە نییە، کە لە کۆن و سەرەتاوە بە مرۆڤەوە وابەستە کراوە.

بەڵکو لەچیرۆکەکەدا، گرێدراوی ئەو ڕووداوەیە کە دووچاری چیرۆکنووس بووە و کاتێك لەکەرکووکەوە هاتە سلێمانی، بە مەبەستی پەیداکردنی بژێویی خۆی و خێزانی، بەڵام نەهامەتی و دەستبەسەرکردن بوو بە چارەنووسی نووسەر، کە خودی خۆی خاوەن ئەزموون بوو، لەئاستی چیرۆکی «لە خەوما»ی ئەو سەردەمی پڕ لەکێشمەکێشەی سیاسیی و دژواری کۆمەڵایەتییەی ئەو سەردەمە. هەروەك چۆن خودی خۆی وەك نووسەر و کارەکتەرێك، ئازادانە بێ زۆر لەخۆکردن، توانیویەتی ڕۆڵێکی ئەکتیڤی تێدا بگێڕێت.

جەمیل سائیب، لە چیرۆکەکەدا چەندین دەستەواژەی وەکو بەکارهێنانی سوبحانەڵلا و پاڕانەوە و تکا و دوعاکردن و شێوازی سواڵکردن بۆ دەرچوون لەو بارودۆخە، بەکارهێناوە. هەموو ئەمانە گوزارشتی ئایینیین لەسەر زاری خەڵکی ڕۆژانەن و لەسەر زاری ئەوانەوە گواستراوەتەوە:

((دنیا لەپاش نیوەڕۆوە بوو بەهەور و هەڵلا، کزەبایەکی زۆر ساردی ئەهات، جارجار بروسکە و چەخماخەی ئەدا، پاش عەسر تنۆکە تنۆکە دایکردە باران، ئێمەش هەر ئەڕۆین. ئەڵێین لەسەر خوا...)) (سائیب: ١٩٧٥، ٣١).

لێرەدا چیرۆکنووس پەنا بۆ خودا دەبات و بەپشتیوانی خودا دەڕوات بەڕێگادا و دەست بەهەنگاوەکانی

دەکات. لە چەندین شوێنی چیرۆکەکەشدا نووسەر بە کارامەیی و بە بەرکاهێنانی ئەو دەستەواژە ئاینیانە، کە وەک بەشێك لەگوتاری ئاینیی و دەقئاوێزانی ئاینیی دادەنرێن، لە بیری خوێنەردا ئەو وێناو دیمەنانە درووست دەکات، کە لە چ دۆخ و حاڵێکدایە. هەر وەک بەکارهێنانی دەستەواژەی قیامەت، ئەگەرچی دەستەواژە و ئاماژەیەکی گرنگی ئاینییە، بەڵام لێرەدا زۆرتر نووسەر، لەپێناو دروستکردنی وێنای ئەو دیمەنانەدا بەکاریهێناوە، کە دۆخەکە هێندە نالەبار و دژوارە، هیچ کەسێک ناپەرژێتە سەر ئەوی تر و هەرکەس بۆ خۆی و حاڵی خۆی تێدەکۆشێ. هەروەک چیرۆکەکەدا هاتووە: ((وردە وردە بیریشم لەحاڵی خۆم ئەکردەوە، چونکە لە عومراتی خۆم سەفەری واناڕەحەتم نەکردبوو، پەشیمانیم حاصل کرد، لەم ناوەدا و لەو قیامەتەدا دیسانەوە لە دوو سێ جێگەی تر جەردە هاتنە سەر ڕێگامان و کوڕە مەڕۆن روتەوەبن...))، (سائیب، ١٩٧٥ ،٣٢).

بە گشتیی پەیوەندی ئاین و ئەدەبیات پەیوەندییەکی لەمێژینەی دوولایەنە، لەلایەك کاریگەریی راستەوخۆی ئاین لە ژانرە ئەدەبییە جیاوازەکاندا بە روونی بەدیدەکرێت، بێگومان ئەم کاریگەرییەش هەندێکجار نەرێنیی و زۆرجاریش ئەرێنیی بووە. لە دونیای مەسیحییەتدا رۆمان زۆر گەشەیکردووە، ئەمە لەکاتێکدا لەجیهانی ئیسلامیدا رۆڵ و کاریگەری بیروباوەڕە ئاینییەکان لە گەشە و پەرەسەندنی ئەدەبیاتی عیرفانییدا بەدیدەکرێت و ئاشکرا دیارە. (محمدی، ١٣٩٣، ٤).

لەدەقئاوێزانی ئاین دا، مەرج نییە شاعیر یان چیرۆکنووس وەکو کەسایەتییەکی پەیوەست بەئاینەوە پەنابەرێتە بەر ئاین، بەرجەستەکردنی ئاین جیاوازە لە شیعر و چیرۆك دا لای کەسی باوەڕدار، یان بێباوەڕ، چونکە نووسەر و ئەدیبی هاوچەرخ لەبەکارهێنانی ڕەمزی ئایندا، بە ئەقڵییەتی ئاین بیرناکاتەوە. (المعاصر، ١٩٩٨، ١٩٧). بەڵام جەمیل سائیب، لەپێناوی گەیاندنی پەیامەکەیدا و بۆ نیشاندانی ئەو زوڵمەی بەرامبەری کراوە و، هاوکات بۆ موخاتەبەکردنی ئەقڵی خوێنەر و کۆمەڵ، لەسات و کاتەدا و لە بەشێکی تری چیرۆکەکەیدا، وەک باوەڕدارێکی ئاینیی و لەزمانی گێڕەوەوە، وەکو دەقئاوێزانێکی ئاینیی و بەکارهێنانی دەستەواژە ئاینییەکە و نزیك لە قورئانی پیرۆز و بە پاڕانەوە، داوای لێپرسینەوە لەو هەموو زوڵم و زۆرەی زۆرداران دەکات و دەڵێت: ((ای خالق، ای منتقم ای قهار، ای عالم الغیوب...)) تۆچی لەمانە دەکەیت، ئەمانە لە رۆژی خۆیدا چۆن حسابیان دەبینیت، تۆ لەحەقی ئەمانە چی دەکەیت؟!)) (سائیب، ١٩٧٥، ٥٧).

هەرچەند ئەوەی لێرەدا گرنگە، ئەو دەق و دەستەواژانەی بەکاریدەهێنێت، هاوار و هانایەتی بۆ لای خوا کە بەدەمییەوە بێت و مەرج نییە چیرۆکنووس بیروباوەڕی بەهێزی ئاینیی هەبێت. لەوانەشە گەر ئەگەر و هاوارەکانی بەدیهات، ئەوا رەنگە سوجدە یان تکا و نزای تر بکات و داوا بکات.

لەقورئانی پیرۆزیشدا، بە پایەی سەرەکیی ژیان هەژمار دەکرێت، ژیانی تاك و کۆمەڵگەی موسڵمانان بە درێژایی مێژوو پشتی بە بنەماکانی قورئان و یاساو رێسا و پەندە قورئانییەکان بەستووە، دەرکەوتنی رووناکی (وەحی) بۆ مرۆڤەکان هەر لەسەرەتاوە هەناسەیەکی تازە بوو بۆ رۆحە مردووەکان، ژیانێکی تازەی بەدیاری هێنا، ئەم تێکەڵاوییەی رۆحی مرۆڤ و قورئان و بەخشینی ژیانێکی نوێ، بەرەو قۆناغێکی قوڵتر و فراوانتری ئاوێتەبوون هەنگاوینا و زۆربەی جومگە سەرەکییەکانی ژیانی رۆحیی و بەرجەستەی مرۆڤی لەخۆگرت.

بەجۆرێک، ناتوانرێ لایەنێك بەدییبکرێ، کە قورئان کاریگەریی لەسەری نەنواندبێت، قورئانی پیرۆز، توانی ببێتە جێگای سەرنج و کارگەرییەکی لەڕادەبەدەر بخاتە سەر تەواوی لایەنەکانی ژیان بە ئەدەبیشەوە، کە هەمیشە رۆڵێکی بەرچاو و بەهێز و کاریگەری هەبووە بەهۆی بوونی لایەنە رەوانبێژییەکان و چەندین ناوەرۆکی تازە و توانیویەتی شاعیر و نووسەران بەرەو خۆی کێشبکات. ئەمەش لە رێگەی دەقئاوێزان و سوود وەرگرتن لەناوەرۆکی قورئانییەوە، ئەنجامدەدرێت. جا چ بەڕێگایەکی راستەوخۆ و ئاشکرا یان بە ڕێگایەکی شاراوە و رەمزەوە بێت. (خلیل: ٢٠١٩، ٤٦-٤٧). بونی درکە و هونەرەکانی تری رەوانبێژی لەقورئان دا و ئاڵۆزیی و فرە مانایی ئایەتەکانی قورئان، شاردنەوەی وتەی خودا لەبەندەکانی نییە. بەڵکو بەمەبەستی بەخشیینی کاریگەریی جوانکارییە بە قسەی پەروەردگار، بەشێوەیەك، کە بیسەر و خوێنەری قورئان بەرە و قسەی خوا، کەمەندکێش ببێت و بە دوای نهێنیی ئەو مانا شاراوانەدا بگەڕێت. (ارتاو، پور: ١٣٩٤، ٧٣-٧٤).

بە حکومی بوونی زانیاریی و رۆشنبیریی ئایینیی لەنێو مزگەوت و حوجرەکاندا نووسەر و شاعیرانمان شارەزای باشیان لە ئاوێزانکردنی ئایینیی و دەق و فەرمودەکاندا هەبووە. بە گشتیی مەبەستی نووسەر و ئەدیبانمان لە دەقئاوێزانکردنی ئایەتەکانی قورئان، پاڵپشتییکردنی لایەنێکی چاکە یاخود رەتکردنەوەی لایەنێکی خراپ و نەخوازراوە. (رضایی، مبین: ١٣٨٨، ١٩)، کە ئەمەش پەیامی قورئانە و رێنماییکردنی مرۆڤ بەرەو چاکە و دوورکەوتنەوەی لە خراپە. قورئان بۆ موسڵمانان هەم زمانی دڵە و هەم زمانی بیروباوەڕیانە. واتە ئاسودەیی و ئارامی دڵەکانە و لەهەمان کاتیشدا شکۆمەندییە. بۆیە زۆرینەی شاعیر و چیرۆکنووسان بە مەبەستی بەردەوامیی خود و زیندووڕاگرتن و بەردەوامییدان بە بیروباوەڕەکەیان، دەقی ئایینییان دەقئاوێزانی شیعرەکانیان کردووە. میللەتی کوردیش، هەمیشە ئایینی ئیسلامیان لە ناخ و دەروونەوە قبوڵبووە و بەردەوام بەتاسەوە پێشوازییان لە فەرهەنگی ئەو ئایینە کردووە و، لەگەڵ کولتووری خۆیاندا گونجاندوویانە و لە هەموو بوارەکانی ژیانیاندا بە گشتیی و ئەدەبیان بەتایبەت رەنگیداوەتەوە. چونکە هەر ئەدەبیاتە، دەبێتە بەرهەمی هزر و بیر و بۆچوون و نەریت و ئایینی گەلانە.

راستەوخۆ بەکارهێنانی دەستەواژەی قورئانیی، لەسنووری دەقئاوێزانی دەستەواژەییدا دادەنرێت و خوێنەر گەر لەحاڵەتێکدا لێهاتوویی لەبارەی ئایەت و سورەتەکانی قورئانی پیرۆزیشەوە نەبێت، بەڵام هەست بەئاوێزانەکەی دەکات، کە لە بازنەی دەقئاوێزانی جوینەوە زیاتر کاری لەسەر دەکرێت. بەزۆری دەستەواژە ئایینیی و قورئانییەکان زیاتر بەهۆی سوودوەرگرتن لەم جۆرە ئاوێزانبوونە، خزاونەتە ناو ئەدەبیاتەوە.

دەقئاوێزانی دەرەکیی و هێنانی چەندین دەستەواژەی ئایینیی و قورئانیی بەزەقی دیارە، لە سەرەتای چیرۆکەکە بەوە دەستپێدەکات ((خوا بەخێری بگێڕێ....))، ئاماژەیە جارێکی تر بۆ هاوار و نزاکردن بۆ خودا و پەنابردن بۆ هەموو ئەو دەستەواژە قورئانییانە، یان لە هەمان سەرەتادا، نووسەر دەڵێت ((یارەببی چی بکەم، چۆن هەوڵێك بدەم شتێکم دەستبکەوێت، ئیدارەی خۆم و ماڵو منداڵیشی پێ رێکبخەم و لەژێر باری قەرز و نەبوونیدا دەربچم......))، (سائیب: ١٩٧٥، ٢٩)، تیایدا خوای گەورە و قورئان پەناو پەناگەن بۆ نووسەر، بە جۆرێك هەموو ماڵ و منالیشی رادەستی خودا دەکات، تا

دەگەڕێتەوە بژێوی ژیانی لەشار و پەناگەیەکی تر دەستدەخات.

قورئانی پیرۆز، ناوەندێکی گرنگی نووسەران و شاعیر و ئەدیبانە، لەگەڵ ئەوەی بە شێکی زۆری ئایەت و سەرنجەکانی جێگەی تێڕامان و چیرۆك و باسی بە هێزبوون و پێشەنگی و وانەی ئەمڕۆ و نەوە دوای نەوەیە. زیاتریش لەوە بەهایەکی فکریی بەهێز و سۆنگە و قورسایی بووە و بۆتە دەستورێکی ڕێپێدراوی گونجاو و یاسایی بۆ پرۆگرامی ژیانی رۆژانە، بۆ نموونەش لەزمانی عەرەبیی دا دەقە قورئانییەکان، تاجێکی بەرز و خاوەن سەنگ و بابەتیی بوون وەک بیرۆکە بۆ بیرمەندان و، لەسەر ئەوە چیرۆك و بەرنامەی خوێندنیان داناوە. (إبراهیم: ١٩٦٩، ٦). بەشێکی زۆریش لەوانە دەقئاوێزانیان بردۆتە ناو بەرهەمە ئەدەبییەکان و شیعر و چیرۆکەکانیانەوە. جگە لەوە هێنانەکایەی ناوی (وڵاتی ئیسلامیی) ئاماژەیەکی دیارە، پەیوەندی بە نەتەوەی کورد و ئایینانەوە هەیە، بۆیە لەقسە و باسەکاندا هێنانی ناوی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، خۆی لەخۆیدا بیرتیژییە بۆ نووسەر و لەلایەکی تریشەوە خوێنەر..

((منداڵەکانم لەو مەملەکەتە بەجێهێشت بۆ خوا، خۆشم ناوی خوام لێهێنا و هەڵسام ڕوومکرد بۆ بەرەو ژوور، وتم وڵاتی ئیسلامە.. لەو سەرەوە ئیسلام و پیاوچاك زۆرن، یاریدەی یەکتر دەدەن، منیش موسڵمانم ئەچم بەڵکو لەویّ بەهەر نەوعێك بێت، ئیدارەی ئەم زستانە تأمین بکەم و بیهێنمەوە بۆ منداڵەکانم...))، (سائیب، ١٩٧٥، ٢٩).

بەرزو پیرۆزیی ئایینی ئیسلام و پاکی و بێگەردی لەرەفتار و گوفتاری چاکەکار و باوەڕداری موسڵماندا، وا کاریگەرە، کە بەجۆریّ ئەوە دەردەخات نووسەر هێندە دڵخۆشە بە بونی لەو مەملەکەتەی بۆی دەچێت و جێگەی متمانەی مرۆڤن و دەتوانن لەژێر سایە و سێبەری ئیسلام و ئایینەکەدا دڵئەمین و دڵخۆشبن. هەر لە سۆنگەی دەقئاوێزانی ئایینی و ئایەتی قورئانییەوە، چیرۆکنووس دەڵێت:

((ئەپارامەوە، ئەڵڵامەوە... بۆخوا، بۆ پێغەمبەر....، تۆئەسحابان، تو مەلائیکان، توچاکانو ئەولیا، تو قورئان، تو قەبری باوکت، هاوار، داد، هاوار....))، (سائیب: ١٩٧٥، ٤٠) .

ئەمەش بەشێکی تری چیرۆکەکەیە، کە دەقئاوێزانی ئایینیی تیادا کراوە و تیشك دەخاتە سەر لایەنی چاکە و چاکەخوازیی ئایینی ئیسلام و پاڕانەوەی تیادا دەکات، تا خوای گەورە بەدەم هاوار و ناڵەیەوە بێت .

## بەشی دووەم

### دەقئاوێزانی ئەفسانەیی

ئەفسانە بریتیە لە هەموو ئەوشتانەی بە واقع ناکۆکە، هەموو ئەوانەی لەسەر مرۆڤ دەوترێت بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو، یان نەبیزاو بەئەفسانە دادەنرێت (ئیلیاد، ٢٠٠٧، ٥٨).

ئەفسانە رەگەزێکی ئەدەبی کۆنی مرۆڤایەتییە و کۆنترین سەرچاوەی هەموو زانستەکانی مرۆڤایەتییە، وشەی ئەفسانە (Mythe) لە بنەڕەتدا، هەمیشە پەیوەستبووە بە سەرەتاکانی گەشەی مرۆڤایەتییەوە، پێشئەوەی مرۆڤ پیادەی فاڵگرتنەوە بکات، کە جۆرێکی سەرەتای مەعریفەیە. (السلام: ٢٠١٠، ٣٢٥). هەر بۆیەش (زمان یەکەم فۆرمی هێمایی بابەتییە)، کە مرۆڤ دایهێناوە و تاوانی وەرگرتنی زۆریشی

لە میانەی پێکهاتنی چەمکەکاندا دۆزیوەتەوە لە رێگەی وشەکانەوە دەریدەخات. (السواح: ٢٠٠١، ٢٠).
- جیهانی ئەفسانە، جیهانێکی ناڕوون و دژوارە. ئەفسانەکان لەزۆربەی حاڵەتەکاندا دژ و ناکۆکن، نووسەری عەرەب (عیزەدین ئیسماعیل) ئاماژە بە ئاڵۆزی مانای ئەفسانە و جیاوازی چەمکەکان دەکات و دەیگێڕێتەوە بۆ دەلالەتی وەرگیراوی یەکەم واژە (Mythos) و گەشیی زمانەکەشی لای رۆژئاواییەکان لە (Mythos)ەوە بۆ (Epos) و دواتر بۆ (Logs) دەگێڕێتەوە. بە دەربڕینێکی تر، وشەکە بە مانای پێکهاتەی رووداوێکی زەمەنییە و شێوازێکە لە بەهای ئەقڵانیی. (وعداللە: ٢٠٠٥، ٢٠٤).
هەروەها نەبیلە ئیبراهیم، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئەفسانە تایبەتمەندە بە سەرکێشییەکانی خواکان و مێژوو و خواپەرستان، کە ئەفسانە وەڵامدەرەوەی پرسیارەکانی گەردوونە و بنەڕەتی وشەی (Myth) یان (Mythosk) لای یۆنانییەکان، بە واتای وشەیەکی گۆکراوە (قسە)، دواتر بە مانای چیرۆك هاتووە، کە تایبەتمەندە بە خواکان و کردەوەکانیان. (إبراهیم: ٢٠١٠، ١٠).
هەر بۆیە ئەفسانە، سەرچاوەی سرووشتیی زۆرێك لە شاعیران و نووسەرانە و خاوەن توانایەکی زۆری دەربڕینە و بە زمانی سادە و راستەوخۆ نایەتەدیی، چونکە مەودایەکی ئەندێشەیی فراوانی گشتگیریی مرۆڤایەتییە، ئەویش لە میانەی پەیوەستبوونی ئێستا بە زەمەنی رابردووەوە و پەیوەستکردنی بە یادەوەری گشتیی مرۆڤایەتیی، لە میانەی ئامادەکردنی نموونەی سەرەتایی پاك و بێگەرد، هەر بۆیە شاعیران و نووسەران پەنایان بۆ بردووە، تا کۆتایی بهێنن بە حاڵەتی ئازار و مەینەتییەکانی واقیع.
لە دەستپێکی چیرۆکی (لە خەوما)ی جەمیل سائیب، (کاکینە؛ خوا بەخێری بگێڕێ)، لە دیالۆگێکی گیانییدا زەمینەیەکی ئاڵۆزی خوێندنەوەی لە چیرۆکەکەدا رەخساندووە، چەندین دەقی نائامادە لەشێوەی جیاوازی ئیدیۆمییدا زامنکردووە و بونیاتی دەقی ئامادەی پێکهێناوە و زۆری هێمای تیادا بەدیدەکرێت.
بۆیە لە لێکۆڵینەوەکەدا جەختدەکەینەوە سەر چۆنێتیی دەقئاوێزان، لەگەڵ جۆرەکانی ئەفسانەدا، ئەویش بەهۆی میکانیزمەکانی دەقئاوێزانی جۆراوجۆر.

## أ-ئەفسانەی دەست سپیی - میکانیزمی هەڵمژین

ئەم میکانیزمە یان ئەم دەقئاوێزانە، هەروەك تێبینی دەکرێت، لە دەقی چیرۆکەکەی جەمیل سائیب دا، لە سەرەتادا ناڕاستەوخۆ بە وێنایەکی خەیاڵیی فەنتازیی هەتا رادەی ئەفسانە، پەیوەستە. چونکە نووسەران کەم تا زۆر سوودیان لە ئەفسانە وەرگرتووە، بەهۆی ئەوەی ئەفسانە پێوەندیی و سەرەداوی لەگەڵ خەیاڵ و حیکایەت و رووداوی مێژوویی، فەلسەفە، ئایین و زانست دا هەیە و، زۆرجار رووداوەکانیش دەبن بە ئەفسانە و لەچوارچێوەی فۆلکلۆردا دەردەکەون. هەروەکو (مەولوود ئیبراهیم) ئاماژە بە خاڵێک دەکات، کە خودی ئەفسانە چەند پشت بەهێز و کارە ئەفسانەییەکان دەبەستێت، هێندەش پشت بە کارەکانی واقیع دەبەستێ، جا چ ئەو واقیعە بگۆڕێ و رێکیبخات، چ بەشێوەی خۆی سوودی لێ وەربگرێت. (حەسەن: ٢٠٠٧، ١٦٦).
هەربۆیە دوای هەڵوەشاندنەوەی کرۆکی ئەفسانە و پەیوەندییە جۆربەجۆرەکانی، مانای ئەوە دەگەیەنێ کە دەقئاوێزان تەنیا ئامادەکردنی هێمای ئەفسانە نییە، بەڵکو ئامادەکردنی نائاگایی هێمای

خودی ئەفسانەیە لەناو تۆڕی پەیوەندییەکانی دەق دا، هەروەك دەقەکە دەیگێڕێتەوە: (لەدنیادا گیرم خواردووە.. ساحێب کولفەت و منداڵ و بێ پول و و پارە و دەست سپیی بوومایە)، (جەمیل سائیب: ١٩٧٥، ٢٥).

لێرەدا، چیرۆك لەسەر بنەمای پەیوەندییەکانی دەقی نائامادە لە دەقئاوێزانێکی دەرەکیی دا، پرسیارەکان ئاڕاستە دەکات و بە بێ چارەسەر ماوەتەوە، بارودۆخی ساتەوەختی خێزانیی هەڵدەسەنگێنێ لە دەقی ئامادەدا، تاکە بژاردەش بۆ بژێویی ژیانی خۆی و خێزانی، بریاردانی سەفەرە. ئەفسانەی (دەست و پێ سپیی) لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە سەر ئەفسانەی (جەمشید پاشا)، کە رۆژێ بریاریدا جلوبەرگی کرێکار لەبەر بکات، بچێ بزانێت خەڵك گوزەرانی چۆنە؟ چووە لای سەرتاشێك بۆ ئەوەی (ریشی بتاشێت)...

- بەربەرەکە هێشتا بەتەواوی سابوونی لە ردێنی کرێکارەکە (پاشا) نەدابوو، کابرایەکی دەوڵەمەند هات.

- بەربەرەکە ئەمری بە کرێکارەکە (پاشا) کرد و وتی:

-هەستە چاوەڕێ بکە، با جارێ ریشی ئەم ئاغایە بتاشم.

- کرێکارەکە (پاشا) گوتی: ئاخر تۆ سابوونت لەریشی من داوە!

- چ قەیدییە، با سابوونیشم لێدابێ، یەکەمجار ریشی ئەم ئاغایە دەتاشم، ئینجا ریشی تۆ.

- ئای دنیا چیی بەسەرهاتووە؟! ئەگەر جەمیشد پاشاش بیت، مادام پارەت نەبێ، نرخت نییە. (ئۆردیخان جەلیل و جەلیلەی جەلیل: ٢٠١٠، ٢٥٣). لێرەوەیە ئەفسانەی (دەست و پێ سپیی) بەو مانایە دێت، کە (هیچ پیشەیەك نازانی، کە پێی بژی). (عەلی: ١٩٨٢، ٢٠٢).

کەواتە لێرەوە دەقی ئامادە، دەقئاوێزانە لەگەڵ دەقی ئەفسانەی ئامادە (دەست و پێ سپیی)، کە ئەمەش جەخت لەو مانایە دەکاتەوە، کە پیشەیەکت نەبێت، کارت نابێ و نرخت نابێ. بەمشێوەیەش لە رێگای میکانیزمی (هەڵمژین)ەوە ئەنجامەکەی دەرکەوتووە و لەگەڵ (شوێن و کات)ی فەزای دەق دا بە یەکداچووە. چونکە (خود) چوێنراوە بەو ناچارییەی بەرەو وڵاتێکی تر سەفەر بکات و، پەیوەندییەکی دەروونیی خراپ لەگەڵ (شوێن) و (کات)دا، خۆی خزاندۆتە ناو جەستەی دەقی ئامادە. هەروەك گێڕەرەوە دەربڕینی (بێ پوول و پارە) دووبارە دەکاتەوە. بەم پێیە دەق (سرووشتی ناواخنی دەقی پێشوو، یان مەغزایەکی فکرەکەیە، کە جارێکی تر ئەم دەربڕین و مەغزا و فکرەیە، لە فۆرمێکی نوێدا، دوای هەڵمژین بەرجەستە بووە بەبێ ئەوەی، کە دەقی نوێ، ئامادەبوونێکی زارەکیی روونی هەبێت، یان ناوی دەقی پێشووی بردبێت). (حلبی: ٢٠٠٧، ١٩١).

لە چیرۆکی (لە خەوما)شدا، لە چەندین شوێندا گێڕەرەوە باسی سارد و سەرما و بەستەڵەک بەجۆرێك دەکات، کە هەتا ڕادەیەك خەیاڵ و فەنتازیایە، چونکە ئەو کاتە لە دەمە دەمی زستاندا بەو جۆرە بەستەڵەك و زوقمە، لە سەرەتای زستاندا بەو شێوازە روونادات، هەربۆیە ئەمە جۆرێك لە خەیاڵی فەنتازیی لای خوێنەر درووستدەکات، کە چۆن ئاو دەیبەستێ و ئەوانیش کۆمەڵێك رێبوار و قافڵەچین و بەسەر ئاوی بەستوودا رێدەکەن!

((دنیا لەپاش نیوەڕۆوە بو بە هەور و هەڵلا، کزەبایەکی زۆر ساردی ئەهات، جارجار بروسکە و چەخماخەی ئەدا، پاش عەسر تنۆك تنۆك دایکردە باران، ئێمەش هەر ئەڕۆین، ئەڵێین لەسەر خوا،

هەرچۆنێك بێت هەر بڕۆین چاکە، خێرا لێمان خوڕیی هاتیین بەڕێوە، بارانیش هەتا بێت زیاد دەکات، منیش لە سەرمانا وەختە زییڕە بکەم...))، (سائیب: ١٩٧٥، ٣١).

لێرەدا، دەقئاوێزان لەگەڵ وێنای خەیاڵ و فەنتازی تا رادەی ئەفسانە دەبینین، بەوەی کاتێک خوێنەر چیرۆکەکە دەخوێنێتەوە، راستەوخۆ هەست و درك بەو وێنا فەنتازییە دەکات، کە گێڕەرەوە دەڵێت: (تۆفان و بارانێکە ناتوانین رێ بکەین). لێرەدا وێنایەکی جۆریی، فروانتر لە وێنای خەیاڵ و، بگرە وێنا و دیمەنی ئەفسانەیی لە هزر و دەروونی خوێنەردا دروستدەکات، کە چۆن بەو تۆفانە لە وڵاتێك بەپێ و بەو شێوەیە بەرەو وڵاتێکی تر رێدەکەن، بەتایبەت کە دەشڵێت: ((کەس بەر پێی خۆی نەئەبینی، ترس و لەرز، سەرما و باران، زەندەقەدار زەندەقی دەچوو، بارانیش وەك کوندەی سەرە و ژێر دێتە خوارەوە، شەستە و رەهێڵە، کڵاوبەسەر ئەباریٚ... لەملا و لەو لاوە ئاو هەڵساوە، بە باوە باران ئەهێنێ، ئەیدات بەسەروچاوی ئینساندا...))، (سائیب: ١٩٧٥، ٣١).

ئیدۆمەکانی (کڵاوبەسەر ئەباریٚ.... ئاو لەتەپڵی سەرمەوە دێتە خوارەوە) لە چیرۆکەکەدا، دەربڕینێکن یارمەتی تێڕوانین و هەستی خوێنەر دەدەن بۆ دروستکردنی خەیاڵ و ئەو وێنا فەنتازیی ئەفسانییەی، کە ئەو شتە چۆن و کەی، بەتایبەت لەو کاتەی ساڵدا و بەشێوەیە روودەدات؟! کە لە بنەڕەتدا ئەم وێنایانە تەنها لەچوارچێوەی ئەفسانەدا دەیبینینەوە، کە نووسەر مەبەستی بووە، لە رێگەی ئەو ئیدیۆمانەوە، ئەو وێنا و دیمەنانە وەک ئەفسانە لە بیری خوێنەردا درووست بکات.

## دەقئاوێزانی پەندی پێشینان و وتەی بەنرخ

پەندی پێشینان و وتەی بەنرخ، یەکێکن لەو بابەتانەی بوون بە بەشێك لەچیرۆکی (لە خەوما)ی جەمیل سائیب، کە دەلالەتی توانایی و کارامەیی و لێهاتوویی چیرۆکنووس و چۆنییەتی بەکاربردنیان لەسەر ئاستی جیاوازی دەق دەخاتەڕوو، بە پێی زەمەن و شوێن، مەبەست و بۆچوونەکانی چیرۆکنووس لەشێوەی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ و ئاشکرا و نهێنیی دەبینرێن، هەموو ئەمانە بە گشتیی بوونەتە باکگراوندێکی بەهێزی رۆشنبیریی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی ناواخنی سەرچاوەی دەقئاوێزان، کە هەڵقوڵاوی ژیانی مرۆڤەکانە و بەپێی تایبەتمەندی خۆی لەکۆمەڵگەی تری جیادەکاتەوە. وەك کلیلێکی سەرەکیی بۆ دۆزینەوەی کەسێتییەکان و بەرهەمی کۆمەڵگە و ئەزموونەکەی لە قۆناغێکی دیاریکراودا، لە شێوەی دەربڕینێکی کورت و زمانێکی چڕیی سرووشتی بە ناواخنی دەلالیی و هزرییەوە دەخرێتەڕوو، کەس و مرۆڤەکانیش بەشێوەی جیاواز لە یاد و بۆنەکاندا پەیڕەوییان دەکەن.

پەند و وتەکان، بە سرووشتی کورتی خۆیان لەڕووی زارەکیی و ماناوە، بەسەر زاری خەڵك بڵاوبونەتەوە و چیرۆکنووس لەبەر گرنگیی ئەدەبیات، بە ئاشکرا و نهێنیی لە بونیاتی چیرۆکدا بە مەبەستی دۆزینەوەی رەوشتی کەسەکان و بۆچوونی چینایەتیی و فیکریی، لە وێنەی مەنەلۆگی خودیی، یان شێوازی دیالۆگ، لەگەڵ خۆی و کەسانی تر، بەجێیدەهێنن. بۆیە لێرەوە پەندەکان هۆکارێکی حەواڵەن بۆ رەگ و ریشە و بۆچوون و رونکردنەوەی کەسایەتییەکان. (موکریان: ٢٠٠٩، ٤٠١).

لەڕێگەی دیالۆگ و قسەکردندا، کە دەوڵەمەندن بە ئاماژەی کولتوریی و دەلالەتی هێمایی، یان لەڕێگەی وێناکردنی جوڵەکانیان لە ژینگەدا، هەر بۆیە ئەم پەندانە لە نەریت و کولتوری رۆژانەدا

بەکاردەبرێـن و، چیرۆکنـووس لەپێنـاوی کێشـە و گرفتەکانـی خەڵکـدا دەیانگونجێنـێ و، لەگـەڵ بونیاتـی چیرۆکـدا لـە قۆناغێکـی مێژوویـدا دەخاتـەڕوو، بـە شـێوەی دەربڕینێکـی تـەواو یـان لەشـێوەی بەشـێکیدا ئامـاژەی پێـدەکات.

## ١- یاخوا دوشمنی ئیمانت بێ

وتـەی یاخـوا (هـەر دوشـمنتان ببینـێ) ئاراسـتەی دوژمـن دەکرێـت و، وەک پەنـد و ئیدیۆمێـک لـە دوای بارودۆخێکـی هێمـن دێـت، کـە باڵـی کێشـاوە بەسـەر ناوچەیەکـدا یـان بەسـەر مرۆڤەکانـدا و، لەپـڕ جـۆرە دۆخێکـی ترسـناك روودەدات، کـە بـە ویسـتی ئـەوان نەبـووە و هەموویـان لـە ترسـاندا تووشـی سەسـووڕمان و تۆقییـن دەبـن و نازانـن روو بـەرەو کوێ بکـەن؟ یەکتریـش بەئـاگا دەهێننـەوە لـەو حاڵەتـە چاوەڕواننەکراوە، بۆیـە گێـڕەرەوەی چیـرۆك لەمیانـەی گێڕانـەوەدا، دووجـار بـە فۆرمـی جیـاواز پەندەکـەی بەکارهێنـاوە، وەك لەسـەرەوە دەیبینیـن، کـە لـە رووی مانـاوە گۆڕانکارییـان بەسـەردا نەهاتـووە و هەمـان مانـای تـرس و تۆقاندنیـان تێدایـە، وەك لـە دەقەکـەدا دەبینرێـت: ((ئـەو شـەو و رۆژە، بـە رەحەتـی بـێ قـۆرت و ئـەم بـەرە و ئەوبـەر هاتیـن بەڕێـوە، هیـچ سـەغڵەتییمان نەدیـی، لەپـاش شـەو و رۆژێـك، ئیـتر گەیشـتینە حـدودی ئـەو وڵاتـەی کـە بـۆی دەچیـن، یاخـوا (دوشـمنی ئیمانـت بـێ)، ئـەو رۆژە لـە سـێ چـوار لاوە جـەردە و ئەشـقیا هاتنـە سـەر رێگەمـان، بـوو بـە تـەق و تـۆق و هـوڕی تەفەنـگ و شـە ڕو هـەرا، فەقـەت کاروانەکـەی ئێمـە قەڵەباڵـغ بـوون و هەمـوو تفەنگیـان پـێ بـوو، لـە بەرئـەوە جـەردەکان هیچیـان زۆریـان بەسـەریاندا نەئەشـکا نەگەڕانـەوە. شـەو لـە مەنـزڵ مانیـەوە، سبحەینێ کەوتینـەڕێ، یاخـوا (هەردوشـمنتان ببینـێ) لـە پەنـا گـرد و لـەو کوردەرە و شـییوە هـەر فـڕکان فڕکانـی تەریـدە و جەردەبـوو)، (سـائیب: ١٩٧٥، ٣٠).

بـەو واتایـەی ئـەو رۆژە ل ەسـێ چـوار لاوە جـەردە و ئەشـقیا هاتنـە سـەر رێگەکەمـان، بـووە بـە تەقـە و هـوڕی تفەنـگ و شـەڕو هـەرا، واتـە حـدودی ئـەو وڵاتـەی گێـڕەرەوە، نـاوی دەهێنـێ، کـە وڵاتـی ئیسـلامە، مەبەسـتی ئەوەیـە، لـە کەرکوکـەوە بـەرە و سـلێمانی چـووە، کـە خێرخـوا زۆرە و وڵاتـی ئیسـلامە، بـەڵام بـە گەیشـتنی حـدودی ئـەو وڵاتـە جـەردە و تاڵانبـەر هاتوونەتـە سـەر رێیـان. کـە مەبەسـتی ناوچـەی هەمەوەنـدە لـەو وڵاتـەدا، واتـە جـەردە و چەتەکانـی هەمەوەنـد رێگەیـان لێگرتـوون، کـە بوونـە هـۆی نائارامـی وڵاتـی ئیسـلام، کـە مەبەسـتی سـلێمانییە. بەئاگاهێنانـەوەی هـەردوو پەندەکـەش لێـرەدا ئەوەیـە چەنـد خـۆت بـەدوور بگریـت، ئەوەنـدە باشـترە. ئەمـە گەورەیـی پەنـدەکان دەردەخـەن و کەسـانی بـە حیکمـەت تێدەگـەن، واتـا چیرۆکنـووس بـە مەبەسـت و ئاگاییـەوە خزاندوویەتییـە نـاو دەقـی چیرۆکەکـەوە و، دەبـن بـە ئاماژەیەکـی سـەرچاوەیی بـۆ هەوێنـی بونیاتنانـی دەقـی چیـرۆك و بەرهەمهێنانـی پرۆسـەی دەقئاوێـزان، کـە هـەردوو پەندەکـە هاوتەریبن لەگـەڵ واقیعـی ناتەندرووسـتی چەتەگەریـی ناوچەکـە، واتـە واقیـع و ناواخنـی پەندەکـە یەکدەگرنـەوە.

دەقـی نائامـادە (یاخـوا دوشـمنی ئیمانـت بـێ)، بـە ئاراسـتەی پرۆسـەی دەقئاوێـزان دەچێـت، کـە گێـڕەرەوە لـە زمانـی کەسـی یەکەمـەوە دیالـۆگ لەگـەڵ بەرامبەرەکـەی (کەسـی سـێیەمی کـۆ) دەکات، کـە وەك یاسـایەك لەیاسـاکانی دەقئاوێـزان ناودەبرێـت، یاسـاکە پێیوایـە دەقـی نائامـادە سـەیر نـاکات، بەڵکـو

بەگوێرەی پێداویستییە مێژووییەکان دادەڕێژرێتەوە، کە یاسای دیالۆگ بەرزترین ئاستی خوێندنەوەی دەقی نائامادەیە، کە تیایدا دەقە سەرەکییەکە دیاردە نامۆکان تێکدەشکێنێ و دەقی نائامادە هەڵدەگێڕێتەوە و گۆڕینی تیادا دەکات، هەروەك گێڕەرەوە گۆڕینی لەدەقەکەدا کردووە بۆ (یاخوا هەر دووشمنتان بیبینێ) واتە لە دۆخێکی سەقامگیرەوە بۆ دۆخێکی جوڵاو.

بەگشتی دەلالەتی پرۆسەی دەقئاوێزان رەتکردنەوەی ئەو بارودۆخە نالەبارەیە، کە ئارامی ناوچەکەی تێکداوە، لەلایەکەوە پێشنیازی ئەلتەرناتیڤێکی سیاسیی دەکات بۆ ئەو قەوارە مێژوییەی ئەو سەردەمە، کە جۆرێك لە ئاگاییە بۆ دوورخستنەوەی ئەو مەترسییانە لەدوارۆژدا.

## ٢- تاریکەشەوە گەڵاڵی لەناو

شەویش هات بەسەردا تاریك و نووتەك (تاریکەشەوە گەڵاڵی لەناو)، (سائیب: ١٩٧٥، ٣١)، لێرەدا چیرۆکنووس مەبەستی ئەوەیە دز و جەردە بوونی هەیە، هەروەها (شەو بوو تاریك و ئەموستە چاو)، وەک (جەلال مەحمود) شرۆڤەی دەکات مەبەستەکە ئەوەیە، کە: (زۆر تاریکەو چاو چاو نابینێ و ئەموست بە چاودا دەچێت)، (عەلی: ١٩٨٢، ٥١).

بە گشتیی ئەمجۆرە دەربڕینە، تاریك و نووتەك و ئەموستەچاو، پەندی (دەزووی وشك لە بەدەمما دانم بوو)، (سائیب: ١٩٧٥، ٣١)، زەمینەیان خۆشکردووە بۆ روونکردنەوەی مانای پەندەکە (تاریکەشەو گەڵاڵی لەناو)، چونکە تاریکیی و سەرما و باران، ئەگەری هۆکاری دز و جەردەیە لەم جۆرە شەوانەدا و زۆر بەکەمییش هاتووچۆ و سەفەر دەکرێت.

دەقی ئامادە، چەندین دەقی نا ئامادەی هێناوەتە ناو دەقی سەرچاوەوە، کە زۆرجار وا رێدەکەوێ لە رووی لۆژیکییەوە پەیوەندییان بەیەکەوە نەبێت، بەڵام لە هەمان کاتدا بونیاتی دەقی ئامادەیان پێکهێناوە، بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەم تەوەرە سەرەکییە بەکاربراون و بەگەڕخراون و لەگەڵ وێنە و رستەکاندا گونجێنراون و لەبەرژەوەندی تەوەری سەرەکیین. بەهۆی یاسای جوینەوە، کە بریتیە لەدووبارەبونەوەی دەقی نائامادە بەبێ گۆڕانکاریی و دیالۆگ لەگەڵیدا. (ناهم: ٢٠١٠ ، ٤٣).

هەروەها ئەم یاسایە، بەشدارە لەتێکدان و شێواندنی دەقی نائامادە لەبەرئەوەی دیالۆگی لەگەڵدا کردووە و، تەنها دووبارەبوونەوە لەگەڵ گۆڕانکارییەکی زۆر کەم، چیرۆکنووس هەر بۆ مەبەستی نائارامیی و بارودخی ناوچەکە ئاماژەی بە پەندەکە داوە (تاریکەشەو گەڵاڵی لەناو)، لەدەقی سەرچاوە زۆر دوور نەکەوتۆتەوە، جوینەوەی پێوە دیارە، لە رێگای دەقی چیرۆکەوە پرۆسەی دەقئاوێزانی درووست و ئامادەکردووە و، لەگەڵ دەقی نائامادەدا بەیەکداچوون و ئاوێزانبوون و ساتی بە یەکداچوونی پرۆسەکەی راگەیاندووە، واتە بەهۆی یاساکەوە بەبێ دەستکاریی دەقی نائامادە گواستراوەتەوە بۆ ناو دەقی ئامادە، ئەویش بەوەرگرتنی (تاریکەشەو گەڵاڵی لەناو) جەوهەری باسەکەش ئەوەندە نەگۆڕاوە، بەئاگاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا کردووە. دیاردەی دووبارەکردنەوە هۆکاری گونجاندنی دەلالەتی گشتیی مانایە، لەلایەکی تریش خودی چیرۆکنووس، خۆی لەبەردەم بارودۆخی نالەباردا دەبینێتەوە، ئەویش نامۆیی و کەم توانایی و نائارامیی خودی خۆی و سەفەرەکەیەتی، کە بەرەو قۆناغێکی نادیاری دەبات، هەم خۆی کەوتۆتە بەر ترس و تۆقاندن و هەم سەفەرەکەی بێ ئەنجام بووە، کە لەبنەڕەتدا رەنگدانەوەی کۆمەڵگە و داب و نەریتییەتی.

## ٣- دار پوازی لەخۆی نەبێت ناقڵیشێت

(ئەوانەی تۆ هەڵترشتن، هەموو درۆ و فیشاڵ بوون، بە خوا تۆ هەر بۆ کوشتن چاکی، ئەویش وتی: قوربان بە چییت باوەڕە ئەوانەی عەرزم کردیت، هەموو راست بوون و هیچیان درۆ نەبوون، بەڵام من بڵێم چی، مەسەلەی مەشهورە، ئەڵێ: (دار پوازی لەخۆی نەبێ ناقڵیشێ)، لە پاش من هەر لە قەومەکانی خۆمان چوون ئیشکەیان لێ تێکداین)، (سائیب: ١٩٧٥، ٤٨).

(دار پوازی لەخۆی نەبێ ناقڵیشێ)، پەندێکی بڵاو و باوی ناو کوردەوارییە، چیرۆکنووس بەئاگاییەوە خستوویەتیە ناو دەقەکە- چیرۆکەکەی و بووە بە هەوێنی بونیاتنانی دەقی چیرۆك و، وەکو خۆی لە چیرۆکەکەدا ئامادەیکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا میکانیزمی جویینەوەی لە دەقەکەدا پێ جێبەجێکردووە و هیچ جۆرە گۆڕانکارییەکی لەگەڵ خۆیدا نەهێناوە، تەنها جویینەوەی سەرچاوەکەیە و پرۆسەی بە یەکداچوون و ئاوێزانبوونیان تیادا بەجێهێنراوە. لەسەر ئاستی دەلالەتی گشتیی چیرۆکەکە، مەبەستی لە خیانەتی کەسێکە لە کۆمەڵگا و میللەتەکەی خۆی، کە بەو هۆیەوە میللەتەکەی توشی شکستخواردوون بووە بەرامبەر بە دوژمنان، بەم پێیە پێکهاتە و دەلالەتی گشتیی دەقی چیرۆك لەگەڵ ئەو پەندە کوردییەدا لە مەبەست و مەغزای گشتییدا یەکدەگرنەوە، لەلایەك چیرۆکنووس دەیەوێت پەردە لەسەر مێژووی کورد لابدات و کاریگەریی پەندەکە وەك: مۆرك و شوناس بخاتەڕوو، لەئاست میللەتانی تری سەر رووی جیهان پێی بناسرێتەوە.

## ٤- بۆ ریش هاتم، سمێڵیشم نایە بان

وەك لە دەقەکەدا بەدیدەکرێت و گێڕەرەوە دەڵێت: (هەرچەند سەرم هێنا و سەرم برد، چارەسەرێکم بۆ خۆم نەدۆزییەوە، وتم فلانی تۆ خۆت ئەزانی، کە من هیچم نییە بیاندەمێ و خۆمان لە شەڕیان لادەین، کە ئەوان ئەیڵێن... منیش بە جارێك سەری دنیام لێهاتبووەوە یەك، ئەمووت یا رەبی چیی بکەم (بۆ ریش هاتم، سمێڵیشم نایە بان)، (سائیب: ١٩٧٥، ٣١).

لەم دەقەی سەرەوەدا، گێڕەرەوە لە دوو ئاستی جیاوازدا، پەندەکەی بەکارهێناوە، کە لە مەغزای گشتییدا یەکدەگرێتەوە و لە هەردوو حاڵەتەکەدا، دەلالەتی ماناکەی ئەوەیە، کە (یەکێك بۆ جێبەجێکردنی کارێك دەچێت و بەهۆکاری تایبەت بێ ئەنجام دەبێت و ئەوی تریش لەدەست ئەدەیت و زەرەرمەندی هەردوولای)، وەك لە دەقی چیرۆکەکەدا بە دیدەکرێت و دەڵێت (فلانی، تۆ خۆت ئەزانی، کە من هیچم نییە و لەبنەڕەتدا لەبەر بێ پارەیی سەفەرم کردووە)، لەلایەکی تریش (لە ژورێکدایە نازانێ زیندانە، حەپسخانەیە، توشی ئەو دەعبا بێ ئینسافانە بووم)، واتا توشی ترس و تۆقاندن بووە، بۆیە لە هەردوو حاڵەتدا دەڵێت (بۆ ریش هاتم، سمێڵیشم نایە بان)، واتا چیرۆکنووس بە ئاگایی و هۆشیارییەکی زۆر هێواشەوە مامەڵەی لەگەڵ دەقی نائامادە دەکات، بەو مانایە نییە، کە دەقێکی داهێنەرانەی بێ کۆتابێت، تەنها ئەوە نەبێت هەندێجار جیاوازیی لە رووکەشی دەرەوەی جیا لە بونیاتی گشتیی پێکهێنانی دەقەکەدا دەکات. لە ئەنجامدا وا لە دەقی نائامادە دەکات، کە نموونەیەکی جێگیر و تەواو دەبێت لەگەڵ هەموو دووبارەبوونەوەیدا، بەئاگاییەکی هێواشەوەیە. بنەڕەتی دەقی نائامادە (پەندە کوردییەکە) بەمشێوەیەیە:

(بـۆ ریـش هاتـم، سمێڵیشـم دانـا)، بـەڵام چیرۆکنـووس کەمێـك گۆڕانکاریـی لـە بونیاتنانـی رووکەشـی پەندەکـەدا کـردووە، ئەویـش بـە ئیزافەکردنـی هـەردوو ئامـرازی پەیوەندیـی (کـە) و ئامـرازی پرسـیاری (چیـی) بـۆ سـەرەتای رسـتەی دووەم، هەروەهـا گۆڕینـی کـرداری (دانـان) بـۆ (نایەبـان) بۆسـەر کۆتایـی رسـتەکە، یـان پەندەکـە، کـە بەهیـچ شـێوەیەك کارناکاتـە سـەر ئاسـتی مانـا و ناوەرۆکـی پەندەکـە.
بۆیـە دەقـی چیرۆکـی (لـە خەومـا)ی جەمیـل سائیب، لەگـەڵ دەقـی نائامـادە یـان پەندەکـەدا بەیەکداچووە و دەقئاوێـزان تێـدا روویـداوە، ئەویـش بـەوەی ناوەرۆکـی پەندەکـەی خسـتۆتە نـاو دەقـی چیرۆکـەوە. لـە هـەردوو حاڵەتەکـەدا، کـە چـۆن توشـی تـرس و تۆقانـدن و سـەرقەبڵاندن بۆتـەوە، بۆیـە دەقەکـە جوینەوەیەکـی گشـتیی پەندەکەیـە و کەمـتر نەشـونمای هونەریـی تیـادا کـردووە، هەمـان ناوەرۆکـە و دوور نەکەوتۆتـەوە لـە دەقـی سـەرچاوە و بەئاگایـی و راسـتەوخۆ مامەڵـەی لەگەڵـدا سـازداوە.

## ٥- وا ئەزانی سەری دونیا بە پووش گیراوە

(وا ئەزانـی سـەری دونیـا بـە پـووش گیـراوە) (سـائیب: ١٩٧٥، ٣٨)، مانـای پەندەکـە ئـەوە دەگەیەنـێ، کـە دنیـا بەرەڵڵایـی نییـە، هەرکـەس بـە ئـارەزووی خـۆی بـکات و گـوێ نەداتـە کـەس، یـان هیـچ لێپرسـینەوەیەک نەبـێ.
سـائیب، لـە زمانـی گێـڕەرەوە دەڵێـت: (کـوڕە وتـم پیـاوی چاکـن، رەحـم و موسـڵمانەتییتان بـێ، بەخـوا هییچـم بـە بـەرەوە نییـە، ئەمـە چەنـد رۆژە بـەم بـاران و سـەرمایە هاتـووم بـە رێـدا، وازم لـێ بێنـن و ئەزیەتـم مـەدەن، هـەر ئەوەنـدەم زانـی یەکێکـی تریـان لەپشـتەوە زرم و هـوڕ دامییـە بـەر پـێ لەقـەو شـەپازللە، وتـی: یاڵـڵا پێشـمان کـەوە، وا ئەزانـی (سـەری دونیـا بـە پـووش گیـراوە)، ئەوی تریشـیان لێـم هاتە پێشـەوە، بـە پاڵەپەسـتۆ بـە هەرسـێکیان دایانگرتـم (عەیـب نەبـێ) بـە شـەق و زللـە و لێـدان سەروسـەکوت کوتاندنـەوە پێـش خۆیانـدام)، (سـائیب: ١٩٧٥، ٣٨).
ئـەم دەقـە، چەنـد دەقێکـی نائامـادەی لەخۆگرتـووە لـە (وتـە، دەق، پەنـد) بـە بـێ ئـەوەی هیـچ پەیوەندیـی لۆژیکـی لـە نێوانیانـدا هەبێـت، یـان بەبـێ ئـەوەی پەیوەندیـی بـە یەکیانـەوە ببەسـتێتەوە، بـەڵام هەمـوو ئەمانـە لەدەقـی نـوێ دا، تێکدەشـکێن و زیاتـر دەق لەسـەر بنەمـای پەندێکـی کولتـووری دروسـتبووە، وەك سـەرچاوەیەك کاریکردۆتـە سـەر دەقـی نـوێ (داهاتـوو). ئـەوەی گرنـگ بێـت (سـەری دنیـا بـە پـووش نەگیـراوە) پرۆسـەی دەقئاوێزانـی تیـادا بەرهەمهاتـووە، بەبـێ ئـەوەی گۆڕانکاریـی تیـادا بـکات و وەك خـۆی مامەڵـەی لەگەڵـدا کـردووە، واتـە چیرۆکنـووس دەقـی نائامادەیـی (پەندەکـە) بەبـێ هییـچ کـەم و زیادێـک دووبارەکردۆتـەوە، پرۆسـەی دەقئاوێزانیـش، کەوتۆتـە بـەر یاسـای جوینـەوە (الاجـترار)، کـە جۆرێکـی وەسـتاوە و لەدەقـی سـەرچاوەدا (جوڵـە و بزووتـن)ی هونـەری تیـادا نارەخسـێت، تەنهـا هێنانـی دەقـی سـەرچاوەکەیە، کـە جوڵـە و بزووتـن لەدەقـی چیرۆکنووسـدا درووسـت نـاکات.
پێکهاتـە و دەلالەتـی گشـتیی دەق، لەگـەڵ خـودی پەندەکـەدا و لەمەبەسـت و مەغـزای گشـتییدا یەکدەگرنـەوە، بەڵـێ دنیایەکـی بەرەڵـڵا یـان سـەردەمێکی بـێ خـاوەن و بکـوژ و ببـڕ هـەر خۆیـان بـوون، بۆیـە دەقـی چیـرۆك پێشـنیازی سـەردەمێکی باشـتر یـان ئەلتەرناتیـڤ لـە پێنـاوی گۆڕینـی قـەوارەی ئـەو سـەردەمەی وڵاتـی کـوردان، دەکات.

## ئەنجامەکان

١- چیرۆکی (لە خەوما) رۆڵێکی گرنگی بینیووە لە بواری گەشەی ئەدەبی کوردیی دا، بەتایبەتی لە نێو مەیدانی رۆژنامەگەریی و گۆڤارەکاندا جێگەی هەبووە. بە نموونەی ئەوەی بە زنجیرە و تاسوقی خوێنەرانی ئەو دەمەی لەمێژووی (١٩٢٥\٧\١١) لەژمارە (١)ی ئەو رۆژنامەیە، تا ژمارەی (٣٦) لە (١٩٢٦\٧\٢٩) بڵاوکراوەتەوە.

٢- دەقئاوێزانی کولتووریی، لە چیرۆکی (لە خەوما)ی جەمیل سائیب، لە ناواخندا بە یەکداچوونێکی جیاوازی کولتووریی لەخۆگرتووە، لە پێناوی ئاگاییەکی نوێ، کە هێماکانی لە ئایین و ئەدەب و مێژوو... تد، دروستکردووە. بە ئومێدی دەقێکی داهێنەرانەی نوێ. لەم چوارچێوەیەدا دەقئاوێزان لەسەر بنەما و راو بۆ چوونەکانی جولیا کریستیڤایە و، گەشەی فرە-دەنگیی یان دیالۆگی رەخنەگری رووس میخائیل باختین، سوود وەرگیراوە لە رای رەخنەگرانی وەک (رۆلان بارت، تۆدۆرۆف، جیرارد جینێت).

٣- توێژینەوەکە ئەوەی دەرخستووە، کە گێڕەرەوە زاراوەی سادەی بەکارهێناوە لە وەسفی شتەکاندا و پەنای بردۆتە بەر زمانی سادەی رۆژانە و پەیوەستی کردووە بە واقیعەوە، وێنەیەکی واقیعی بارودۆخەکەی دروستکردووە.

٤-دەقئاوێزان بەوە ئەژمار دەکرێت، کە پەیوەستە و پەیوەندیی بە کەلتوورەوە هەیە و، سەرلەنوێ کۆن زیندوودەکاتەوە و دەبێت بە دەقێکی نوێگەر نەک بەکاربەر.

## الملخص

هذا البحث بعنوان (التناص المعرفي في قصة لەخەوما ) ل (جميل صائب. هذا البحث اعتمد شكل اساسي على النظريات التناصية ومحاولة تحليلة من اجل إلقاء الضوء على الصلة التأثير مع التناص المعرفي، في هذه القصة، ومن هذه الزاوية حاولنا ان نعتمد على بعض من النظريات التي تتحدث عن التناص المعرفي، وصلة هذا النوع من التناص مع الخطاب الديني بصورة عامة والقرآن الكريم بصورة خاصةمن آجل إظهار تلك التعابير.

كما إننا ركزنا على الجانب العلمي من حيث علاقة التناص مع الخطاب الأسطوري و الأمثال والحكم وعرض، من خلالهم تلك الاحداث والوقائع التى كانت تحدث في ذلك الزمن، وكل ذلك كان من آجل بيان جميع العناصر القصصية والجانب الثقافي والمعرفي في هذا النص الآدبي. وهذا الأمر اعتمد على معرفة تناصية وتحليل النص حسب المقايس التناصية، بالإعتماد على الآحداث وسير العملية السردية والفنية في داخل القصة.

**الكلمات المفتاحية: التناص المعرفي/الثقافي، التناص الثقافة، القصة، لەخەوما**

# Cultural Intertextuality in the Story of “Le Xewma” by Jamil Saib

## Abstract

This research is titled, Cultural Intertextuality in the Story of “Le Xewma” by Jamil Saib. This research, supported by the principles of the intertextual method, is an analytic attempt to shed light on the relation and effect of cultural intertextuality in the story of “Le Xewma” by Jamil Saeeb. In this aspect, depending on certain theories of the method, we have attempted to discuss the cultural intertextuality and similar relation with the religious discourse in general, the holly Quran and the religious expressions it has brought with itself. In addition to this, we have scientifically focused on the relation between intertextuality, mythology discourse, proverbs, precious sayings and different contemporary events. All of these are done for the sake of fully depicting the elements of the story and aspects of culture and heritage employed in Jamil Saib’s “Le Xewma”. It is known we have interpreted and analyzed the text depending on an intertextual understanding. Through scientific analysis, we have attempted to illuminate the values of intertextual principles related to events, chronology and aesthetics found within the story.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوەی کوردی

١- ئیبراهیم، سەعید (٢٠١١) کلتور و کۆمەڵگە، و:عەبدوڵڵا مەحمەد زەنگەنە، کەرکوک، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی.

٢- بایز، هەڵمەت (٢٠١٣)، دەقئاویزان لە رۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا)ی بەختیار عەلی، هەولێر، مەڵبەندی گشتی یەکێتی نووسەرانی کورد.

٣- جەلیل و جەلیل، ئۆردیخان جەلیل و جەلیلەی جەلیل، (٢٠١٠)، ئەفسانەی کوردی، و: عەزیز گەردی، چاپی یەکەم، هەولێر، خانەی وەرگێران، چاپخانەی گەنج.

٤- سائیب، جەمیل (١٩٧٥)، لەخەوما، پێشکەشکردن و لێکۆڵینەوەی جەمال بابان، بەغداد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.

٥- سەجادی، عەلائەدین (١٩٧٠)، مێژووی ئەدەبی کوردی، مێژوو ئەدەب، زانیاری، بەغداد، چاپخانەی معارف.

٦- عارف، حسین (١٩٧٧)، چیرۆکی هونەری کوردی، بغداد، دەزگای رۆشبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی.

٧- عەلی، جەلال مەحمود (١٩٨٢)، ئیدیۆم لەزمانی کوردیدا، بەغداد، وەزارەتی رۆشبیری و راگەیاندنی دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی کەلەپوور.

٨- محمد، ئەنوەر قادر (٢٠٠٦)، دەقئاوێزانی شیعری مەولانای رۆمی و مەولەوی تاوگۆزی، گۆڤاری سلێمانی، ژ١٨، بەشی ، ٢٠٠٦.

٩- وحیدی، حسین (٢٠٠٦)، سروودو گاتاکانی زەردەشت، و:وریا قانع، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی منارە.

## سەرچاوەی عەرەبی

١- ابراهيم، محمد اسماعيل (١٩٦٩)، معجم الالفاظ و الاعلام القرآنية، القاهرة، دار الفكر العربي.

٢- البادي، حصة (٢٠٠٩)، التناص في الشعر العربي الحديث- البرغوثي نموذجآ، الطبعة الاولى، دار الكنوز المعرفة.

٣- البخلي، كريستيانن (١٩٨٩)، ت: ناجى مصطفى، الطبعة الاولى، الدار البيضاء، منشورات الحوار الاكاديمي و الجامعي.

٤- تودروف و اخرون (١٩٨٩)، في أصول الخطاب النقدي الجديد، ت: احمد المديني، ط٢، دار الشؤون الثقافية العامة.

٥- تودوروف، شعرية السرد و النحو السردي عند تزيفتيتان، مجلة اتحاد الكتاب العرب، المجلد ٣٥، العدد ٤٣٤ (٣٠ يونيو/حزيران ٢٠٠٧)، - https://search.emarefa.net/ar/detail/BIM-١٨٣١٤٤

٦- توماشفسكى (١٩٨٢)، نظرية المنهج الشكلي النصوص الشكلانين الروس، نظرية الاعتراض، ت: ابراهيم الخطيب، بيروت، موسسة الابحاث العربية.

٧- حلبي، احمد طعمة (٢٠٠٧)، التناص بين النظرية و التطبيق، شعر البياتي نموذجآ، دمشق، منشورات الهيئة العامة السورية للكتاب.

٨- الزغبي (د)، احمد (١٩٩٥)، نظرياً وتطبيقاً، الطبعة الاولى، الأردن، مكتبة الكتابي.

٩- الساعدي، خالد سهر محي (١٩٨٩)، البناء الفني في الرواية التآريخية العربية (١٨٧٠-١٩٣٩)، رسالة ماجستير، كلية الاداب- جامعة بغداد.

١٠- سلام، سعيد (٢٠١٠)، التناص التراثي، الرواية الجزائرية انموذجا، الطبعة الاولى، الاردن، عالم الكتب الحديث.

١١- السواح، فرانس (٢٠٠١)، الاسطورة والمعنى، دراسات في الميثولوجيا و الديانات المشرقية، الطبعة الاولى، دار علاءالدين للنشر و التوزيع و الترجمة.

١٢- شراد، شلتاغ عبود (١٩٩٨)، مدخل الى النقد الادبي الحديث، الطبعة الاولى، عمان، دار مجدلاوي للنشر و التوزيع.

١٣- العزامي، عبدالله(١٩٨٥)، الخطيئة والتكفير (من البنيوية الى التشريحية)، ط١، السعودية، كتاب النادي الثقافي.

١٤- القمري، بشير (١٩٩١) شعرية النص الروائي (قراءة تناصية في كتاب التجليات)، الطبعة الاولى، الرباط شركة بيادر للنشر و التوزيع.

١٥- كريستيفا (جوليا)، (١٩٩٧)، علم النص، ت: فريد الزاهي، بغداد، دار تويكال.

١٦- ناهم، احمد (٢٠٠٤)، التناص في شعر الرواد، الطبعة الاولى، العراق- بغداد، دار الشوون الثقافة العامة.

١٧- وعداللة، ليديا (٢٠٠٥) التناص المعرفي في شعر عذالدين المعاصرة، الطبعة الاولى، دار مجدلاوي للنشر و التوذيع.

١٨- وهبة، مجدي (د)، (١٩٧٤)، معجم المصطلحات الادبي، بيروت، مكتبة لبنان.

١٩- وورد، ديفيد (١٩٩٩)، الوجود والزمان والمكان (فلسفة بول ريكود)، ت: سعيد الغانمي، الطبعة الاولى، بيروت، المركز الثقافي العربي.